# گۆرانییەک بۆ کۆتایی

بۆ « دەلال مەغریبی »

نە ڕۆژ هەڵدێ‌و
نە هەرگیزیش ئاوا دەبێت
هەتا زەویش
سەرخۆشی سوورانەوە بێت
سێبەر هەر تەمەن کورتەکەی
ساڵی پارو
ساڵەکانی پێش مەسیحە
زەوی ..
خاك .. وڵات
هەموو هەر ماڵی مرۆڤن
بە هەموو گوڵو ئەستێرەو
ڕۆژو شەوو بارانەوە ..

× ★ ×

خەوم ئەبینم
« بە جوتێ کڵاشی بەفرین‌و
سەرو مێزەرێکی گەورەر
جوتێ نەقیانەی درێژەوە »
بکەڕێمەوەو
لە شەوێکی « ئەنگوستەچاوی » بەهاردا
ئەو گۆرانیە بێ‌کۆتایی‌بەت
بۆ تەواو کەم
کە لە بەکەم
نیگای حەز لێ‌کردنمانا
چیاندمان بە گوێی
باخچەو ، چیاو
هەموو ژوانگاکانماندا

مەریوان وریا قانع
زانکۆی سلێمانی
١٩-٤-١٩٨٠

# عاشقی چاوی لە ئەودیوی شتەکانە

خۆشەویستی خۆی ئەزانێ
دڵی شاعیر چەند گەورەیە
شاعیر ئەمرێ‌و
حەزەکانی بە هەتیوی گەورە ئەبن
وەکو بیرێك
گەنجێتی لە خوێنیا بژی
بە هیوای عومرێکی تەرم
هیواکانمی تیا بێتەدی

× ★ ×

من عاشقم
عاشق چاوی لە ئەو دیوی شتەکانە
بۆیە لەو دیو
نیگای چاوەکانی تۆوە
ڕەنگی بەیانی ئەبینم
لە دەروونتا نەخشەی جیهانێکی تیایە
خەڵکەکەی هەموو شاعیرن
بۆ عیشق‌و جوانی ئەنووسن

*
فەرەیدون
عەبدول
بەرزنجی
١٩٧٨
*

# بۆ دڵدارە تۆراوەکەم



لە هەگبەی دڵی بێدارا
شەپۆلی خوێن بۆت ئەگەڕێ
گورزەی تیشکی چاوەکانم شەیداو کاسی روانینێکتە
بەڵێ ئەزانم دێیتەوەو
تیشکی ڕۆژ بە کەمینی شەو ناگیرێ
بەڵام ئاخۆ کەی دێیتەوە ؟
لەوانەیە بۆ مەزەی شەرابی
شەونمی بەهار خۆت دانابێ
یا لەگەڵ تیشکی زێڕینی هەتاوی گەرمی هاوینا
بسکی زەردت تێکەڵاوکەی ...
یا لەگەڵ گەڵاڕێزانا
یا لە گەڵ زریان‌و باران
یا لەگەڵ بەفری زستانا پێش برکێی جوانی بکەی
لە هەر وەرزێکا دێیتەوە
دڵ‌و گیانم لانەی خۆتە
جا کەوابوو زوو وەرەو ،
با گەردانەی دڵداریمان
لە گەوهەری وشەی کوردی‌و
جوانیی سروشتی کوردستان
لە گەردنی بەرزت بکەم .

نەبەرد جاف
سلێمانی

***************************************

# هەڵمەت



شیعری : ڕەزا حەمە

لەو ڕۆژەوە ئەستێرەی خۆشەویستیی تۆ
لە شەوگاری ، دڵی منا هەڵهاتووە
لەو کاتەوە ،
کۆرپەی حەزەکانی منیش .
فێری بیگاو
زەردەخەنەی ژیان بوو ،

× ★ ×

ئەو ساتانەی سەرمات ئەبێ
هانا ، بۆ ئاگردانەکەی سنگم بێنەو
بەتینی پشکۆی دڵەکەم
تێر خۆت گەرم بکەرەوە

× ★ ×

ئەی نابینی .. !
چۆن دەروێشی شیعرەکانم
بۆ شێخی عەشقی پیرۆزت
( حاڵ ) گرتوونی‌و (زیکر ) ئەکەن
ئەی نابینی شیعرەکانم

ئاگر ئەخۆن
سەما لەسەر شمشێر ئەکەن
هەزارەها (زەرگ)ی عەشق
لە خۆ ئەدەن

× ★ ×

گەر دەپرسی خۆشەویستم لە کوێدایە
بۆی مەگەڕێ !!
لە سپیدەی بەیاندایە
لە قووڵایی دەریادایە
لە سێبەری باڵاتایە
لە چراخانی چاوتایە
ئەگەر زانیت !
بۆچی ، بەفر
پیرەمەگروونی خۆش ئەوێ
ئەگەر زانیت !
چۆن ، ئاوا لە ژێر ئەم خاکەدا
ئەتەقێ‌و ئەبێتەکانی
تۆش ئەوساکە
نرخ‌و مانای
خۆشەویستی من ئەزانی
تۆش ئەو ساکە
لە نهێنی عەشقم ئەگەیت
کڕنوش بۆ خوای ئەوین ئەبەیت .

# تەنیایی شەو

شەو تەنیام‌و .. تەنیاییش بۆکەس باش نییە
ئەی چی بکەم گەر بمەوێ تەنیا نەژیم !! ؟ .

ئەی چی بکەم بمەوێ لە گەڵ زۆربەی خەڵکا بژیمد !!؟
ئا ..!! . پەنجەرەیەك دەکەمەوەو دەڕوانمە
ئاسمانی گەورە ئەستێرەکان بانگ دەکەم‌و
دەسبازییان لەگەڵدا دەکەم وەك دوو دەسگیرانی
چەندان ساڵەی یەکتری نەدیوە تێر ... تێر .. یەکتری
ماچ دەکەین

تا لەبەکدا دەتوێینەوەو دەبین بەیەك
تا خەو دێت‌و لەگەڵ خۆیدا دەمباتەوە
هەر گۆرانی دەڵێم‌و .. دەڵێم‌و .. دەڵێمەوە

ڕزگار شێخانی

***************************************

# ڕەنگی عەشق

شیعری : دلشاد عمر کاکی
سلێمانی ١٩٧٨

بەو دوو چاوەی
وەك سەرچاوەی .. خۆشەویستی
ئەم دوێنی ..
ئیتر بەسە ، بەس بمدوێنە
بەنهێنی .

× ★ ×

ئەوساش چاوەنەرمەکانت
لەگەڵ عەشقێکی کێویلە
کە ئەبوون بە نمەی باران
تۆزی ناو دێی دڵی میان .. دائەمرکان
وەك جاران چیەت بۆ ئەکەم
وەرەو دەستەم بۆ درێژکە
با بەناخی ئەم عەشقەدادا نەگەڕێم
لە بیرت چوو لەسەر کردەکە ئەوەستای
کاتێ ئەتووت !
« پرچی ئایشێ‌و فاتە، پرچم بۆ درێژکە»

× ★ ×

ئەگەر نەیەیت منیش بیرم ئەچێتەوە

× ★ ×

کە مێگەل ئەگەڕایەوە
رامان ئەکرد .. دەستت ئەخستە ناو دەستم
کارە بچکۆلەکەم هەبوو ..
ئەها چەندت خۆش ئەویستم

× ★ ×

بەڵام ئێستاکە نازانم
کێ فێری ئەم نازەی کردی
بڕۆ بەڵام لەبیرت بێ
فێری چەند گۆرانیم کردی

★ ئەو دێرە فۆلکلۆرە

# چراوگی تاریکایی دارستانم

محمد حسین هەڵەبجەیی
پایزی ١٩٧٩

چاوەکانم ، وەکو چەم وان
فرمێسکی سافیان لێ ئەڕژێ
جەرگم‌و ، قرچەی پارچەی دڵم
وەك تۆف‌و لێزمەی سەختن
سەری لوتکەی شاخەکان ... ئەگرنەوە
کاتێ لافاوی فرمێسکی دڵدارەکان
وەك بارانی نیسان ئەڕژێ ،
بۆنی کزەی جەرگی منیش ڕووی ئاسمان دائەپۆشێ
ئەی ئەو گیانەی بوویتە چراوگی
تاریکایی دارستانم ..
لە بری لەش بێ تینم
هەگبەی خەم‌و ناسۆری خۆمم بۆ ناردی
تۆش گەڵای زەردی درەختەکان
بکە بەندو ، بیهۆنەوە
بیکە چارشێوو ، بیکە سەری بووکی خەفەت
ئەی ئەو گیانەی بوویتە مەشخەڵ ،
خۆ تۆ هەر چوار وەرزی ساڵت
زستان نییە ...
ئەی بۆ وەکو بەفری داکێژداوی لاشانی شاخ
گەشتوویتەتە شینایی ئاسمان .. .
دەوەرە !!
بابەتاڵی سازی دڵم
بەستەی شادیت بۆ لێدەدەم
تاوێ تاسەی ئەم دڵە شێتەم خامۆش کەم ....
بەژارەو ناسۆری دوریت فەرامۆش کەم

# خەونی ناوزیندانی سوڵتان

هەڤاڵ مائی

پوشپەڕی ١٩٨٠
دهوك

خانمەکەم :

شیوەنی پرچت ...
دوێنێ شەو
لە خەوما بوو بەڕاستت
هەزاران پرچ لە کورەی خەوما
سوتێنران !
سەرەکانیان ئەگریان
فرمێسکی چاویان
خستنە مەنجەڵ
کردیان بە خوێ بۆ چێشتی سوڵتان
بۆن کوروزی پرچ
لەسەر چرپای مردن هەڵێ گەڕانمەوە بۆ سەر
چرپای ژیان ... !
مەگری ... مەگری خانمەکەم
بەڵام خەوی ڕۆژی سوڵتان
کەزڕێنرا
چاوی تامەزرۆی خەوی ... ماخولان ئەیگرێ
مێشکی تامەزرۆی پشوو .. گەر نەیتۆقێنێ
خۆی خۆی ئەتەقێنێ !!!

# شیعرو عەشقی بەمەیی ڕەنگ

بەخشان

شەوانە لە ناو گیانمدا دەبێتە گوڵ .. خوێنی گیانم گەشتر ئەکەی وەك سروەیەك هەڵئەکەیت‌و دێیت نامۆیی لە سیمامدا ئەسڕیتەوە .. . بەیانیان تریفەی چاوە گەشاکانت لە تیشکی ڕۆژ دەئاڵێن‌و لەبەر چاوم دەبێتە ڕوناکیەکی تەلیسماوی ..
دەتبینم وەك سەرپۆشی عەشقت بەسەرەوەیە سەرپۆشێکی شین‌و مور بە تاریکی .. کەچی ئێستاش لە بەردەم ئاهی سینەمدا گر ئەگریت‌و . . تۆش هێندە ناسکی دەبێتە کلوی بەفرو بەدەم هەواوم شنەت دێ گەشتێك ئەکەیت . . چاوەکانت بەبانتایی ئەم نیشتمانە ئەکەیتەوە .. هێندە سەیر دەکەیت هەتا سورمەی چاوەکانت هەموو ڕەنگەکان ئەگرنە خۆ .. لە ڕدنگەکاندا ڕەنگی پەمەیت خۆش‌ویست وات ئەزانی عەشقیش پەمەیی ڕەنگە..ئەوا منیش ڕەنگی پەمەیم خۆش ئەوێ .. چونکە ئەگەر شیعر ڕەنگی هەبێت .. وا دەزانەم شیعر لە لام پەمەییە .

منیره علی دەروێش



Institut Kurde de Paris

